عێراق و ئەمریکا پابەندبوونی خۆیان بۆ پتەوکردنی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی ململانێکانی هەرێمەکە دووپات دەکەنەوە



ئەمڕۆ چوارشەممە، محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران، لەگەڵ جێشوا هاریس کاربەدەستی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق، جەختیان لەسەر کارکردن بۆ پێشخستنی زمانی دیالۆگ لە چارەسەرکردنی ململانێکاندا کردەوە بۆ مەبەستی چێسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لە سەرتاسەری ناوچەکەدا.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەوە، دەڵێت: "محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران، پێشوازی لە جێشوا هاریس، کاربەدەستی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق کرد."

بەیاننامەکە ئاماژەی بۆشکردووە: "لە دیدارەکەدا باس لە ئاسەکانی هاوکاری نێوان هەردوو وڵات و هاوگاکانی پەرەپێدان و فراوانکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لە هەموو بوارەکاندا کرا، بەتایبەتی لە بوارەکانی ئابووری، وەبەرهێنان و گەشەپێدان، بە جۆرێک کە خزمەت بە بەرژەوەندی هەردوو گەلی دۆست بکات."

هەروەها هاتووە: "لە کۆبوونەوەکەدا پێشهاتەکانی دەخی ناوچەیی و نەودەوەتی خرانەوە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر گرنگی هەماهەنگی هاوبەش بە هووبەووبوونەوەی تەحەدیيە بەردەوامەکان، و کارکردن بە پێشخستنی زمانی دیالۆگ لە چارەسەرکردنی ململانێکاندا لەپێناو چێسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لە تەواوی ناوچەکەدا."